# وانەی ٨١: شێوی تایبەتی خوداوەند

مەتا ٢٦

وەك تۆ دەزانی، لە گەشتەکەمان لە نێو نووسراوە پیرۆزەکان، ئێستا لە دیراسەتی ئینجیلین، ئەو پەرتوکە پیرۆزەی باس لە مزگێنی خۆش دەربارەی عیسای مەسیح دەکات. عیسا ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەیە کەوا هاتە جیهانەوە تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەلاتی شەیتان. ڕزگاری دەرەکە زۆر جیاواز بوو لە هەموو مرۆڤێکی تر، ئەو ئەو ووشەیە بوو کەوا لای خودا بوو لە سەرەتا کەوا وەك پیاوێك بەدەرکەوت لەسەر ڕووی زەوی. عیسای مرۆڤ تاك بوو لە لەدایك بوونی، لەبەر ئەوەی لە پاکیزەیەك لەدایك بوو بەهێزی ڕۆحی خودا. عیسا هەروەها تاك بوو لە خەسلەتی، لەبەر ئەوەی بە سرووشتێکی پیرۆزەوە لەدایك بوو، هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدا بوو. ئیشەکانی هەروەها تاك بوو، هەرگیز کەس موعجیزەی وەك ئەو نەکردبوو. پەروەردگار عیسا دەسەلاتی هەبوو بەسەر شەیتان و جنۆکەکانی و بەسەر با و دەریا و نەخۆشی و مردندا. فێرکردنەکانیشی بێ هاوتابوون، تەنانەت دوژمنەکانی ووتیان، (هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!) (یۆحەنا ٧: ٤٦)

بەڵێ، عیسای مەسیح تاك بوو لە لەدایك بوونی و خەسلەتی و ئیشەکانی و ووشەکانی. بەڵام ئەوە وای نەکرد هەموو کەس بزانن ئەو ڕزگاری دەرەیە کە لە ئاسمانەوە هات. زۆربەی نەوەکانی ئادەم تێنە دەگەیشتن عیسا بەڕاستی کێیە. عیسایان وەك پێغەمبەرێك دادەنا، بەڵام نەیاندەزانی خودا خۆی هات و سەردانیانی کرد! سەبارەت بە ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکەش، ئەوان نەك تەنها نەیانتوانی تێبگەن عیسا کێیە، بەڵکو کلکیان کردە یەك و ویستیان بیکوژن! لە وانەی ڕابردووماندا، گوێمان لێ بوو چۆن عیسا سەرزەنشتی ڕابەرە ئایینەکان و مالمەکانی کرد لەبەر دوو ڕووییان و خراپەکارییان. بەڵام ووشەکانی عیسا وای نەکرد تۆبە بکەن. لەڕاستیدا، ڕابەرە ئایینیەکان سووربوون لەسەر یەك بیرۆکە: دەبێت عیسا بکوژرێ!

پەروەردگار عیسا دەیزانی بەرەو ئەوەیە لە شاری قودس بمرێ، و ئەو ڕابەرە ئایینیانە ئەو کەسانەن دەبنە هۆی مردنی. بۆیە، بینیمان عیسا بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کەوا کاهینەکان و مالمەکان حوکمی مردنی دەدەن. دەیدەنە دەستی ڕۆمانەکان تاکو گاڵتەی پێ بکەن و تفی لێ بکەن و لێی بدەن و لە خاچی بدەن. بەڵام لەپاش سێ ڕۆژ لە مردن هەڵدەستێتەوە! بەم شێوەیە عیسا پێش بینی مردنی خۆی کرد لەسەر خاچێك و هەڵسانەوەی لە گۆڕ. و عیسا نەك تەنها شێوەی مردنی خۆی ڕاگەیاند، و لە کوێ دەمرێ، بەڵام لەو بەشەی لەپێشمانە ئەمرۆ، دەبینین کە عیسا تەنانەت کاتی مردنی خۆی ڕاگەیاند!

ئێستاش با بەردەوام بین لە بەشی بیست و شەشی ئینجیلی مەتا، و بزانێن چۆن عیسا خۆی ئامادە کرد بۆ لە خاچ دانەکەی خۆی. ووشەی خودا دەفەرموێ: (مەتا ٢٦) [١] کاتێ عیسا ئەم وتانەی هەموو تەواو کرد، بە قوتابییەکانی خۆی فەرموو: [٢] (دەزانن پەسخە دوو ڕۆژی ماوە. کوڕی مرۆڤیش بە گرتن دەدرێت تاکو لە خاچ بدرێت.)

بینیت عیسا چی فەرموو بە قوتابییەکانی؟ پێیانی ڕاگەیاند کەوا نەوەکانی ئادەم لە خاچی دەدەن لە ڕۆژی جەژنی پەسخە. ئەمە زۆر گرنگە. لە دیراسەتمان لە تەورات فێربووین دەربارەی ڕۆژی پەسخە. چەژنی پەسخە لە یەکەم مانگی ڕۆژ ژمێری جولەکەیە، کەوا لە مانگی سێ و چوارە. هەموو ساڵێك و لەو فیستیڤاڵەدا، جولەکەکان یادوەری ئەوە دەکەن کە ڕووی دا لە کاتی موسا، کاتێ کە گەلی ئیسرائیل کۆیلەی پاشای خراپەکار فیرعەون بوون. لەو کاتە، خودا بە دادوەری خۆی و پلانە مەزنەکەی، حوکمی مردنی بۆ هەموو نۆبەرەیەکی نێری میسری دەرکرد. بەڵام خودا هەروەها ڕێگایەکی ڕزگارکردنی دابین کرد بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی هێنا و بە قسەیان کرد. خودا فەرمانی بەهەر خێزانێکی ئیسرائیلی دا کە بەرخێك بێ کەم و کوڕی بکەنە قوربانی و خوێنەکەی بساونە چوارچێوەی دەرگاکانی خانووەکانیان. خودا بەڵێنی دا و فەرمووی، (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم! (دەرچوون ١٢: ١٣)

خەڵکی ئیسرائیل خودا فەرمانی چی پێیان دابوو کردیان و لە دەرئەنجامدا، خودا نۆبەرە کوڕەکانیانی ڕزگار کرد لە مردن. خودا ڕزگاریانی کرد بە خوێنی بەرخێك.

بۆ ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ، جولەکە بەرخیان دەکردە قوربانی هەموو ساڵێك لە فیستیڤاڵی پەسخە، بۆ ئەوەی یادەوەری ئەوە بکەن چۆن خودا ڕزگاریانی کرد لە پەتای مردن کەوا بەسەر خاکی میسردا هات. بەڵام خودا نەیویست ئەوان تەنها یادەوەری ئەوەی ڕووی دا بکەن. لە ڕێگای قوربانی بەرخانەوە، خودا ویستی ئەوان بەپەرۆش بن و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بن کاتێ مەسیح خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچەکە. ئەو خوێنەی کە مەسیح دەیڕێژێ گوناهباران ڕزگار دەکات لەو پەتایەی کە لە هەموو پەتایەك خراپترە: ئاگری تاهەتایی دۆزەخ! مردنی ڕزگاری دەرەکە لەسەر خاچەکە دەبێتە دوایەمین و تەواوترین قوربانی کەوا دادوەری ڕاستودرووستی خودا داوای دەکرد. خودا بە دانایی خۆی، پلانی دانا کەوا ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی دەڕێژێ لە ڕۆژی جەژنی پەسخە و بەو شێوەیە هێمای قوربانی بەرخەکە دێنێتە دی. بۆیە، عیسای ڕزگاری دەر پلانەکە تەواو دەکات کەوا خودا دایڕشتووە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە دادوەری ڕاستودرووستی خۆی.

با ئێستاش بگەڕێینەوە ئەنجیل، لەو ئایەتە دەست پێدەکەینەوە کە تازە خوێندمانەوە.

(مەتا ٢٦) [١] کاتێ عیسا ئەم وتانەی هەموو تەواو کرد، بە قوتابییەکانی خۆی فەرموو: [٢] (دەزانن پەسخە دوو ڕۆژی ماوە. کوڕی مرۆڤیش بە گرتن دەدرێت تاکو لە خاچ بدرێت.) [٣] ئینجا کاهینانی باڵا و پیرانی گەل لە کۆشکی سەرۆکی کاهینان کە ناوی قەیافا بوو کۆببوونەوە، [٤] پێکەوە تەگبیریان دەکرد، بە فێڵێک عیسا بگرن و بیکوژن. [٥] بەڵام وتیان: (بەڵام نەک لە جەژندا، نەوەک ئاژاوە بکەوێتە ناو خەڵک.)... [١٤] ئینجا یەکێک لە دوازدەکە کە ناوی یەهوزای ئەسخەریوتی بوو، بۆ لای کاهینانی باڵا ڕۆیشت، [١٥] وتی: (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا. [١٦] ئیتر بۆ هەلێک دەگەڕا تاکو بە گرتنی بدات.

(مارقۆس ١٤) [١٢] لە یەکەمی جەژنی فەتیرەدا، کە قوربانی پەسخەیان دەکرد، قوتابییەکانی پێیان وت: (دەتەوێ بچینە کوێ ئامادەکاری بکەین، تاکو پەسخە بخۆیت؟) [١٣] ئەویش دووان لە قوتابییەکانی نارد، پێی فەرموون: (بڕۆنە ناو شار، پیاوێک تووشتان دەبێت گۆزەیەک ئاوی هەڵگرتووە، دوای بکەون. [١٤] لەکوێ چووە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەکە بڵێن: (مامۆستا دەفەرمووێ: کوا دیوەخانەکەم تاکو لەگەڵ قوتابییەکانم پەسخەی تێدا بخۆم؟) [١٥] ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی گەورەتان پیشان دەدات، ڕاخراوە و ئامادە کراوە، لەوێ بۆمانی ئامادە بکەن.) [١٦] قوتابییەکان ڕۆیشتن و هاتنە شار، وەک پێی فەرمووبوون بینییان و پەسخەیان ئامادە کرد.

(لۆقا ٢٢) [١٤] کە کاتەکە هات عیسا پاڵیدایەوە، نێردراوانیش لەگەڵی بوون. [١٥] پێی فەرموون: (زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم پەسخەتان لەگەڵ بخۆم. [١٦] چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر لێی ناخۆم تاکو لە شانشینی خودا دێتە دی.) (مارقۆس ١٤) [١٨] پاڵیان‌دابۆوە نانیان دەخوارد، عیسا فەرمووی: (ڕاستیتان پێ دەڵێم، یەکێکتان وا لەگەڵم دەخوات، بە گرتنم دەدات.) [١٩] خەم دایگرتن و لەدوای یەکتری وتیان: (خۆ من نیم؟) [٢٠] پێی فەرموون: (یەکێکە لە دوازدەکە، ئەوەی لەگەڵم دەستی لەناو قاپەکەیە. [٢١] چونکە کوڕی مرۆڤ دەبێت وەکو لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی کوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدات! باشتر بوو بۆ ئەو کەسە هەر لەدایک نەبووایە.) (مەتا ٢٦) [٢٥] ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دەدات، وەڵامی دایەوە: (ڕابی، ئەو کەسە منم؟) پێی فەرموو: (خۆت وتت.) (یۆحەنا ١٣) [٣٠] ئەویش کە پاروەکەی وەرگرت یەکسەر دەرچوو. شەویش بوو. (مارقۆس ١٤) [٢٢] کاتێ نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی‌کرد، پێی‌دان و فەرمووی: (وەرگرن، ئەمە لەشی منە.) [٢٣] جامێکی هەڵگرت، سوپاسی کرد و پێی‌دان، هەموو لێیان خواردەوە. [٢٤] پێی فەرموون: (ئەمە خوێنی منە و بۆ پەیمانە، بۆ زۆران دەڕژێت...)

ئەوە ئەوەیە کە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە دوایەمین نانی ئێوارە کە عیسا خواردی لەگەڵ قوتابییەکانی، پێش ئەوەی خوێنی

خۆی بڕێژێ وەك قوربانی کەوا گوناه دەسڕێتەوە. عیسا بەدوازە قوتابییەکەی ڕاگەیاند کە یەکێك لەوان خیانەتی لێ دەکات. یەهوزای ئەسخەریۆتی بوو. لە ڕوانگەی مرۆڤەوە، یەهوزا قوتابییەکی دڵسۆز بوو، بەڵام لە دڵیدا، یەهوزا تەنها گرنگی دەدا بەپارە و ماڵی دونیا. لەبەر ئەوە بوو چووە لای کاهینانی باڵا و پێیانی ووت، (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) بۆیە کاهینەکان سی پارچە زیویان بۆی ژمارد. ئەم شتە رووی دا بۆ ئەوەی ئەوە جێ بەجێ بکات کە پێغەمبەر زەکەریا پێش بینی کرد سەدان ساڵ لەوە پێش، کاتێ نووسی کە مەسیح بۆ سی پارچە زیو خیانەتی لێ دەکرێ. (تەماشای زەکەریا ١١: ١٢، ١٣)

بەهەرحاڵ، گرنگترین شت لەوەی ئێستا خوێندمانەوە ئەوەیە کە عیسا فەرمووی کاتێ نانەکە و جامەکەی بەش کرد لەگەڵ قوتابییەکانی. با دووبارە بیخوێنینەوە: (مارقۆس ١٤) [٢٢] کاتێ نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی‌کرد، پێی‌دان و فەرمووی: (وەرگرن، ئەمە لەشی منە.) [٢٣] جامێکی هەڵگرت، سوپاسی کرد و پێی‌دان، هەموو لێیان خواردەوە. [٢٤] پێی فەرموون: (ئەمە خوێنی منە و بۆ پەیمانە، بۆ زۆران دەڕژێت...)

بۆیە دەبینین چۆن عیسا دوو هێمای خستە بەردەم قوتابییەکانی: هێمای نانەکە و هێمای جامەکە. ئەو نانەی کە عیسا کەرتی کرد و دایە قوتابییەکانی، نیشاندەری جەستەی بوون، کەوا بەرەو ئەوەبوو بیکات بەقوربانی. جامی ئاوی ترێکەش نیشاندەری ئەو خوێنە بوو کە عیسای ڕزگاری دەر دەیرێژێ بۆ ئەوەی قەردی گوناه بداتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم تاکو بتوانن لە حزووری خودا بژین تاهەتا.

بەو شێوەیە، لە ڕێگای هێمای نانەکە و هێمای جامەکەوە، عیسا قوتابییەکانی فێر کرد کەوا هۆی هاتنی بۆ جیهان ئەوە بوو ژیانی خۆی ببەخشێ — جەستە و خوێنی خۆی — وەك قوربانی بۆ گوناهباران. وەك چۆن هەموو کەس لەسەر زەوی دەبێت خواردن و ئاو بخوات تاکو لە ژیاندا بمێنێتەوە، بە هەمان شێوە هەرکەسێك بیەوێ لە بەهەشت لەگەڵ خودا بژیت تاهەتا دەبێت باوەڕ بێنێت کە عیسای مەسیح جەستە و خوێنی خۆی بەخشی بۆ ئەوەی ژیانی تاهەتاییمان پێ ببەخشێ. پەروەردگار عیسای مەسیح تاکە کەسیە کە بتوانێ ژیانی تاهەتایی ببەخشێ و ئەو خوێنەی ئەو ڕشتی تاکە چارەسەری خودایە بۆ ئەوەی تۆ و من ڕزگار بکات لەو لە عنەتەی گوناه هێنای.


ئەگەر تەنها یەك شت لە بیرت بپارێزی لە دیراسەتی ئەمڕۆمان، دەبا ئەم شتە بێت: عیسای مەسیح هاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی باری گوناهی تۆ هەڵبگرێ. ئەوە پەیامی پێغەمبەرانی خودایە. ئەوە مانای ئەو بەرانەیە کە ئیبراهیم کردیە قوربانی لەباتی کوڕەکەی. ڕێگای لێ خۆش بوون ڕێگای قوربانی تەواوە. خودا دەتوانێ لە گوناهەکانت خۆش بێت لە ڕێگای قوربانی ڕزگاری دەرەکە، کەوا خوێنی خۆی بۆ تۆ ڕشت. بۆ هەزاران ساڵ خودا داوای قوربانی ئاژەڵی کرد تاکو گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم داپۆشێ. ئەوە پەیمانی کۆنە، کەوا خودا بەخشی بە پێغەمبەرەکانی. بەڵام عیسای مەسیح ئەو کەسە بوو کە پەیمانی نوێی هێنا. ئەو ئەو کەسەیە کە هێمای قوربانی ئاژەڵی جێ بەجێ کرد. عیسای مەسیح خۆی دوایەمین بەرخی پەسخەیە کە سەربڕا، بۆ ئەوەی هەرکەسێك باوەڕی پێ بێنێ ڕزگاری بێت لە دادوەری ڕاستودرووستی خودا. لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (عیسا مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕا.) (١ کۆرنسۆس ٥: ٧) (ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا.) (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

خوێنی عیسا بەهای تاهەتاییە. بخێنەوە ووشەی خودا چی ڕادەگەێنێ سەبارەت بەتوانای پاککردنەوەی خوێنی عیسا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (خوێنی عیسای...لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە!) (١ یۆحەنا ١: ٧) (دەزانن بە شتی لەناوچووی وەک زێڕ و زیو نەکڕاونەتەوە، لەو ژیانە پووچەی لە باوباپیرانەوە بۆتان مابۆوە، [١٩] بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها، خوێنی مەسیح، وەک لە بەرخێکی بێ لەکە و کەموکوڕی. [٢٠] لەپێش دامەزراندنی جیهان هەڵبژێردرابوو، لە پێناوی ئێوەدا لەم ڕۆژگارانەی دوایی دەرکەوت. [٢١] بەهۆیەوە باوەڕتان بە خودا هەیە، ئەوەی لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە و شکۆی دایێ، کەوا هیوا و باوەڕتان بە خودا بێت.)

(١ پەترۆس ١: ١٨–٢١)

دەبا ئێوەش بەووردی بیر بکەنەوە لەوەی خوێندمانەوە، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەم ڕاستییە گرنگانەتان بداتێ. لە دیراسەتی داهاتوودا پلانمان وایە چیرۆکی دوایەمی نانی ئێوارە تەواو بکەن و ببینین چۆن ڕابەرە ئایینیەکان چۆن عیسا دەستگیر دەکەن بۆ ئەوەی بیکوژن.

خودا بەرەکەتداران بکات وەك بیر دەکەنەوە لەو مانا قولّ و بەرەکەتە مەزنەی لەناو ئەم ئایەتە هەیە لە ووشەی خودا، (خوێنی عیسای...لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە!) (١ یۆحەنا ١: ٧)



©

# گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا چی فەرموو بە قوتابییەکانی؟

٢. لەبەر ئەوە بوو چووە لای کاهینانی بالاّ و پێیانی ووت، (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) کێیە ئەمە ووتی؟ بۆچی؟

٣. لە ڕێگای هێمای نانەکە و هێمای جامەکەوە، عیسا قوتابییەکانی چی فێر گرد؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org